# 109 ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی و ئەمڕۆی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستاندا

## محەمەدی مشیر

لە 22 ی نیسانی 1898 دا، یەکەمین چەپکە تیشکی بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی لە شاری قاهیرەدا بە ناوی (کوردستان) لە سەردەستی ڕووناکبیری کورد، میقداد مەدحەت بەدرخان، پرژایە سەر ئەو ڕێگایە سەخت و درژوارەی ڕۆژنامەگەری کوردی بەمرۆکە گەیاند. (کوردستان) ئەو سەکۆیە پێشەنگەبوو کە لەوێوە خەباتی ڕۆژنامەگەری نەتەوەیەکی دابەشکراو و دەنگ لێزەوتکراو یەکەمین چریکەی بانگی ئازادی خۆی رادێرا.

کوردستان ئەو ڕۆژنامە پێشەنگە بوو کە چاوی کوردی بەڕووی دەروازەیەکی دیکەی تێکۆشان کردەوە و ئومێدێکی تازەی بەخشیە ئەو قەڵەمانەی ئەوکات لە سەنگەر و بەرەی میللەتێکی مافخوراودا تێدەکۆشان و لەرێگەیەوە داوای رەوای خەڵکی کوردیان بە دەنگێکی بەرزەوە بە گەلانی دەووروبەر و جیهان رادەگەیاند.

ئەو ڕێگایە سەختەی بە هەنگاوی یەکەمی ڕۆڵەیەکی ڕووناکبیری ئەم نەتەوە ستەملێکراوە دەستیپێکرد، ڕۆڵە ماندوونەناسەکانی دواتری کۆڕی ڕۆژنامەوانی کوردی بە هەوڵ و کۆششی بەردەوامییان، قۆناغ بە قۆناغ و پێ بە پێ، گەیاندیانە ئەمرۆکەی کوردستانێکی ئازاد کە خەونی هەرە لە پێشی پێشەنگانی بواری ڕۆژنامەنووسی و بواری نووسینی کوردی بوو.

گومان لەوەدا نییە کە کورد بە درێژایی مێژووی هەلێکی وەك ئەوەی باشووری بۆ نەرەخساوە تا بتوانێ تەواوی مافەکانی دەستەبەربکات، لەمەشدا هیچ گومانی تێدا نییە کە ڕۆژنامەگەری وەك هەر بوارێکی دیکەی لە نزیکەوە پەیوەست بە ژیان و کێشەی گەلان، دەروازەیەکی دیکەی راگەیاندنی پەیامی ئەو گەلەیە کە لە گۆرەپانی تێکۆشانیدا و بۆ گەیشتن بە ئارمانجە رەواکانی سوودی لێدەبینێ و، لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوویدا بە شێکی گرنگی ئاستی رۆشنبیری و هوشیاری نەوەکانی پێ دابین دەکا و، وەك ئامرازێکی کاریگەرە لە جەنگە هەمەجۆرەکانیدا بەکاریدەهێنێ. بەلاَم ئەوەی من تێبینیم کردووە لە ناو کورددا ئەو ڕۆڵە گرنگەی ڕۆژنامەگەری وەکو پێویست نییە یا باشتر بڵێم بە لاوازی دێتە بەرچاو، ئەگەرچی ماوەی 16 ساڵی رابردوو ڕۆژنامەگەری کوردی هەندێ هەنگاوی باشتری لە چاو مێژووی کۆنی هەڵێنابێ و لە پرەنسیپ و پێداویستییەکانی پیشەکە نزیك بووبێتەوە. بۆیە دەکرێ ئەو بەرەنجامە رۆشنبیری و هوشیارییەی ڕۆژنامەگەری هەیەتی لە دوو تەوەری سەرەکیدا کۆبکەینەوە. تەوەری یەکەمیان ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەك نەزانێ بە شێوەیەکی زانستی و بابەتییانە سوود لەم بوارە ببینێ ئەوا بێگومان لە چارەسەرکردنی یەکجارەکی گرفت و کێشەکانی دوادەکەوێ. تەوەری دووەم پێچەوانەی ئەمەی یەکەمە، واتا هەر نەتەوەیەك بزانێ چۆن سوود لەم چەکە کاریگەرە وەرگرێ، ئەوا بێگومان زووتر بە ئامانجەکانی دەگات. بە شێوەیەکی دیکە دەکرێ بڵێین ئەو نەتەوەیەی بە باشی بواری ڕۆژنامەگەری بخاتە خزمەت کێشە نەتەوایەتییەکەیەوە و، ئەم کەناڵەش لەتەك کەناڵەکانی دیکەی تێکۆشانیدا بۆ خەمی رۆشنبیرکردنەوەو هوشیارکردنەوەی تاکەکانی تەرخان بکات، زووتر بە مەبەست دەگا یان لێینزیکتردەبێتەوە. هەر نەتەوەیەکیش ڕۆژنامەوانی بکاتە بوارێك تەنها حزب و لایەنە سیاسییەکانی ململانێی نێوان خۆیانی تێدا ساغبکەنەوە و جەنگە شاراوەکانیان لەوێدا یەکلابکەنەوە، ئەوا حاڵی ئەو نەتەوەیەی کە هێشتا وەك کورد لە سەرەتاکانی قۆناغی رزگاری نەتەوایەتی و نیشتمانیدایە، لەو نەتەوانەی تا ئێستا بە مافەکانیان نەگەیشتوون باشترنابێت.

ڕۆژنامەگەری کوردی ئەگەر لە سەرەتاکانیدا هەستی نەتەوایەتی کوردی بزواندبێ و چەند نووسەر و ڕووناکبیر و بیرمەندێکی لە دەوری خۆیدا کۆکردبێتەوە، کە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست رەتناکا، بۆ ئەوەی کورد لە ژێرکاریگەری

سیاسەتەکانی بەعوسمانیکردن و بە تورککردن و بەفارسکردن و بەعەرەبکردن رزگار بکات، ئەوا بۆ ئەمڕۆکەی پێویستی بە هەوڵێکی زۆرتر هەیە تا بتوانێ سەرباری ئەو کێشانە، کە ئەمڕۆ بە شێوەی جیاواز دووبارە دەبنەوە، گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانی دوور لە دەمارگیری یەکبخا و تێکڕای رووناکبیر و نووسەر و بیرمەندانی( بە جیاوازی بیرو ڕاوە) لە بۆتەی هێڵێکی نیشتمانی گشتیدا ئاوێتە بکا.

رۆژنامەگەری کوردی ئەگەر لە رابردوویدا لە بەرکۆمەڵێ هۆکاری بابەتی و خودی، وەك(نەخوێندەواری و پاشکەوتوویی و دابونەریتی دواکەوتووی نێو کۆمەڵگە و سیاسەتی شۆڤینستانەی ئەو رژێمانەی کوردیان بەش بەش کردووە ) نەیتوانیبێ پێگەی خۆی لە نێو جەماوەری کوردا سەقامگیر بکاو جۆرێك لە زمانی هاوبەش لە سەر بنەما مرۆییەکان لە گەڵ دەستەخوشکەکانی دەوروبەردا دروست بکا، ئەوا ئەمڕۆکە پێویستە هۆکارەکانی ئەو پێگە لەقییە لە رێگەی یەکخستنی پەیامە رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەکەیدا لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا نەهێڵێ و رێگەی ئەو زمانە هاوبەشە لە گەڵ دەوروبەر و جیهاندا بدۆزێتەوە . ئەگەر لە رابردوودا لە بەر باری سیاسی کورد نەیتوانیبێ بەکردەوە 109 ساڵی تەمەنی بێ پسانەوە بەسەر ببەرێت، ئەوا ئەمڕۆکە زەمینەکەی لەبارترەو گەڵێ هۆکار و ئاسانکاری و داهێنانی زانستی نوێ هەن ئەمەی بۆ دابین دەکەن.

یادی 109 ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی دەرفەتێکە بۆ بەخۆداچوونەوەی رۆژنامەنووسان تا بە هاوکاری هەموو لایەکمان ئەو پەیامە رۆشنبیریی و کۆمەلایەتییەی رۆژنامەگەریی کوردی پێویستە هەیبێ بێتەدی و لە رێگەیەوە هزری تاکەکانی ئەم کۆمەڵگە بە جێماوە بە هەستی نیشتمانپەروەری و مرۆڤدۆستی پەروەردەبکەین، تا لە دەرەنجامدا تاکی بە ئاگای کورد بزانێ چۆن رووبەرووی مەترسییەکانی دەوورووبەری ببێتەوە و چۆنیش پەیامی نەتەوە ستەملێکراوەکەی بە جیهان رابگەیەنێ.

دوژمنانی دۆزی رەوای کورد بە درێژایی قۆناغەکانی پێشوو بەشێکی مەزنی پیلانەکانیان لە رێگەی نووسین و راگەیاندنەوە ئەنجام دەدا، داشۆرینی هزری تاکی کورد لەو مافانەی لێیزەوتکرابوو لە رێگەی رۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکانەوە بە ئاکام دەگەیەنران و ئێستاش بەردەوامە. رامکردن و راهێنانی نەوە لە دوای نەوەی ئەم گەلە خاك دابەشکراوە ئەگەر لە رێگەی گوتار و نووسینە ئاراستەکراوەکانەوە نەبوایە شوڤینزمی نەتەوەی سەردەست هەرگیز نەیدەتوانی بە ئاسانی کۆمەڵێك شکست و نوشستی بە بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد بهێنێ. بۆ ئەوەی مێژوو خۆی دووبارە نەکاتەوە پێویستە هەموو رۆژنامەکانی کوردستان، سەباریجیاوازی پاشخانی ئایدیۆلۆژی و هزریان، لەم قۆناغەی ئەمڕۆی کوردستاندا لە ئاستی راگەیاندنی ئەو پەیامە دابن کە ناهێڵی جارێکی دیکە مرۆڤی کورد بە سەقەتی پەروەردە ببێ و نەزانێ مافەکانی چییە.